# Referendum Movement in Kurdistan

## کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم _ دەرەوەی وڵات

ڕۆژانی 8 و 9 / 4 / 2005 لە کوردستان و لە شاری سلێمانی کۆنفرانسی فراوانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان بەسترا .
کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم _ دەرەوەی وڵات بە شاندێکی شایستە بەشداری کرد و ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش کرد .
ئێمە لەبەر ئەوەی بزووتنەوەکە بە موڵکی جەماوەر دەزانین و هەر وەك لەیەکەم ڕۆژی کاریشمانەوە بەڵێنماندا کە بە شەفافییەت لەگەڵ ئەو جەماوەرە رەفتار بکەین ، ئەوا لاپەرەکانمان و کارەکانمان کراوە دەبێت بۆی و دەبینە دەربری داخوازییەکانی ، هەر لەو روانگەیەوە وا لێرەدا دەقی ڕاپۆرتی کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم _ دەرەوەی وڵات بۆ کۆنفرانس بڵاودەکەینەوە . ڕاپۆرتەکە پوختەی گەڵاڵە کراوی بۆچوونی کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵاتە و ڕا و بۆچوونی کۆمەڵگای کوردی دەرەوەی کوردستانی لە خۆ گرتوە لەسەر شێواز ی هێڵەکانی کارکردن و هەنگاوەکانی بزووتنەوەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکەمان لە هێنانە دی کوردستانی سەربەخۆ و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی .
فەرمون لەخوارەوە دەقی ڕاپۆرتەکە .

بەڕێزان ئەندامان و بەشدارانی کۆنفرانسی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان لە ناوەوەی وڵات .
بەسڵاوێکی گەرمەوە پیرۆزبایی گەرمی بەستنی کۆنفراسەکەتان لێ دەکەین ، ئومێدەوارین کۆنفرانسی کار و بریار بێت ، کۆنفرانسی بەدواچونەوە و هەڵسەنگاندنی کاری تەمەنی دوو ساڵی بزووتنەوەکە بێت , تیایدا ئاورێك لە هەوراز و نشێوەکانی پرۆژەکە بدرێت و بێ سڵکردنەوە پەنجە بخرێتە سەرخاڵە بەهێز و لاوازەکانی رەوتی بزووتنەوەکە لەو ماوەیەدا ، خاڵە لاوازەکان بەهیز بکرێن و هەڵەکانیش چارە سەر بکرێن ، بەرنامەکان تۆکمە بکرێن و چی پێویست بێت بۆی زیاد بکرێت و لە ئاکامیشدا پلانی بەتین بێتە کایەوە و تیایدا بەرنامەیەکی ستراتیجی باوەرپێکراوی شەفافی دوورهاوێژ دارێژرێ و بروای مللەتەکەمان بەرامبەر خەبات وئامانجەکەمان سەقامگیرتربکات و ووزە و تینێکی بەهێزتری نوێ بداتە جەستەی پرۆژەکە .
بەڕێزان :
کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم لە دەرەوەی وڵات پێك هاتووە لە نوێنەرانی کۆمیتەکانی ئەم وڵاتانە :
ئەمریکا ، کەنەدا ، ئوستراليا ، هۆڵەندا ، سوید ، بەریتانیا ، ئەڵمانیا ، نەمسا ، فینلەندا ، سویسرا ، نەرویج .
کۆمیتەمان داخوازە کە یەکێ لە ئاکامەکانی کۆنفراستان ، دارشتنەوەی میکانیزمێکی نوێی بێت بۆ شێوازی کارکردن نێوان ناوەوە و دەرەوە لەسەر بنچینەی پەیوەندییەکی بەردەوام .
کۆمیتەکانمان هەمیشە و لەگەڵ بێ توانای دارایی ، ئەوا رۆڵێکی زۆر مەزنی دی لە پراکتیزی کردنی پرۆژەی ڕیفراندۆم لە دەرەوەی وڵات وکە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ کەم توانایەکانی ، ئەوا بەرهەمەکانی زۆر لە ووزەی خۆی زیاتر بووە .
وا لێرەدا چەمکێ لەو کارانە دەخەینە روو :
دروستکردنی کۆمیتەی وڵاتەکان و کۆمیتەی باڵای دەرەوە و ئۆرگانەکانی و بەستنی دوو کۆنفرانس لە کۆڵن و ستۆکهۆڵم ( کە ئەمە کارێکی ئاسان نییە لە ئاست بێ توانایی و قورسی ژیانی وڵاتانی سەرمایەداری ) ، ڕێکخستنی دوو خۆپێشاندانی گەورەی یەك کاتی لەسەر ئاستی هەموو وڵاتەکان و تیایدا دەیان هەزار کەس رژانە سەر شەقامەکان و بووە مایەی یەك بوونی هەستی نەتەوایەتی و سەقامگیرکردنی بزووتنەوەکەمان و کاریگەری بەر چاوی هەبوو لە دەزگا نێودەوڵتیەکان و راگەیاندنەکان ، پەیوەندی کیردن و ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لەگەڵ پارت و پەرلەمان و حکومەتەکانی وڵاتەکان و ئاراستە کردنیان چەندین یاداشت و بەڵگە نامەی مێژوویی لەسەر کارەساتەکانی کورد و مافی خۆی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ڕیفراندۆم ، ڕێکخستنی چاوپێکەوتنە نێو دەوڵتیەکان ( کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیيۆرك و جنێف ) ( پەرلەمانی ئەوروپی لە بروکسل ) ( پەرلەمانی بەریتانی و سویدی ) وتەسلیم کردنیان

1.750000ئیمزاکه بەهاوبەشی لەگەڵ بەڕێزان نوێنەرانی کۆمیتەی باڵای کوردستان ، بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ رەوەندی کوردی لە هاندەران و پاڵکتاڵدا بۆ ئاشناکردنی و بە جەماوەرکردنی بزووتنەوەکە ، کۆبوونەوەی هەفتانەی کۆمیتەمان کە لە ریێ پاڵتاڵکەوە ئەنجامی ئەدەین .

بەرێزان ، بۆ بەرنامەو چالاکی ئایندەمان چەندین پلانمان دارشتووە لەسەر ئاستی وولاتەکاندا ، دیارە گرنگترین کاریشمان بەدواچوونەوەی هەمیشەیی دەبێت بۆ وەرگرتنی وولامی دەزگانێو دەوڵەتیەکانە بۆ داخوازیەکانمان و هەروەها لەپاڵیشیدا کارکردنمان دەبێت بۆ گەیاندنی ئەنجامەکانی ریفراندۆمی نارەسمی .

خوشك و برایان :

دیارە ئێمە دەست خۆشییەکەی زۆرتان لێ دەکەین بۆ ئەوکارانەی ئەنجامتان داوە و ماندووبونیشتان جێی رێزمانە وماندوو نەبونی لەیەکە بەیەکەتان دەکەین و لەش ساغ بن بۆ ئەو خزمەتانەی پێشکەشتان کردووە و بەردەوامیشن لەسەری ، جێی خۆیەتی لێرەدا پەنجەی وەفاداری راکێشین بۆ ئەو بەرێزانەی ماندوونەناسانە لە سەرەتای بزووتنەوەکەدا کاریان بۆ ناساندن و سەقامگیرکردنی بزووتنەوەکە کرد و لەوانەیە ئێستا زۆریان لە نێوانتان نەبن ، ئێمە ئەرك و کۆششی نموونەی وەك كاك باست غەریب بەرز دەنرخێنین لە بەجەماوەرکردنی ریفراندۆم و بەتایبەتیش لە دەرەوەی وولات لە رێگای بەرنامە هەفتانەکەی کە لە کەناڵی کوردساتەوە پێشکەشی دەکرد ، جێێ سەرنجە کە هەندێك لە سایمبۆڵەکانی بزووتنەوەکە و لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەوا پەیوەندیان پچراوە یان جێی شایستەی خۆیان پێ نەدراوەتێ و فەرامۆش کراون ، ئێمە ئومێدەوارین ئەو بەرێزانە شوێنی شایستەی خۆیان وەرگرنەوە لە ریزەکانی بزووتنەوەکە و بەردەوام بن لە پێشکەش کردنی خزمەتەکانیان ، مەگەر خۆیان بواریان نەبێت . هەر لێرەدا چەخت دادەگرینەوە کە دەبێت بزووتنەکە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و دوور بێت لە ململانەی حیزبی و لەهەمان کاتیشدا ستایشی رۆڵی هەموو پارت ولایەك دەکەین بۆ هاوکاری بزووتنەوەکە ، جێی خۆشیەتی کە بزووتنەوەکەمان بتوانێت رۆلی پۆزەتیفی خۆی ببینێ لە سەقاگیرکردن و پاراستنی ئارامی ماڵی کوردی .

ئێمە لەدەرەوەی وولاتدا زۆر ستایشی رۆڵی گەورەی کوردسات دەکەین لەناساندنی بزووتنەوەی ریفراندۆم لە رێگای بەرنامە هەفتانەکەیدا و بڵاوکردنەوەی هەواڵ وچالاکیەکانمان و رێکخستنی چاوپێکەوتنەکان ، هەروەها هاوکاری و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان و خۆپێشاندانەکان لە کوردستان تی ڤی بەرز دەنرخێنین ، داواکارین لە بەرێزتان کەناڵی پەیوەندیتان لەگەڵیان بەهێز بکەن و هەوڵ بدەن لە هەردوو کەناڵ کە بەرنامەیەکی بەردەوامی هەفتانە یان مانگانە پێشکەش کەن ، هەر لێرەشەوە ستایشی رۆڵی کەناڵە ناوخۆیەکانی کوردستان دەکەین کە خزمەتی بەر چاویان هەبووە بۆ بزووتنەوەی ڕیفراندرم .

بەرێزان دێینە سەر سێ برگەی سەرەکی یاداشتەکەمان کە پێك هاتوون لە : داخوازی ، ڕخنە ، پێشنیار .

1 . داخوازیەکان .

1. هاوکاری دارایی وتەرخانکردنی برێك پارە بۆ کۆمیتەکانی وولاتەکان بۆ باشتر بەرێوە بردنی کارەکان و کەشە پێدانیان .

2 . دوورخستنەوەی بزووتنەوەکە لە دەست تێوەردانی حیزبی و قەدەغەکردنی رووکردنی دیاردەی حیزبی 50 بە 50 بۆ جەستەی بزووتنەوەکە .

3 . ناساندنی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بە شێوەیەکی رەسمی کە پێك هاتووە لە دوو کۆمیتەی باڵا ( ناوەوە و دەرەوەی وولات ) ئەمە جگە لەوەی چوارچێوەیەکی ناساندن دەداتە بزووتنەوەکە ئەوا رێگرش دەبێت لە دەست تێوەردانی هەندێ گروپ و کەسانی تردا کە دەیانەوێت خەڵك چەواشە بکەن و ناوی ڕیفراندۆم بۆ مەرامەکانی خۆیان بەکار بهێنن .

4 . گەیاندنی دوو ملیۆن ئیمزاکەی ریفراندۆمی نا رەسمی بۆ ئەوەی کار بکەین بۆ گەیاندنی بۆ دەزگا نێو دەوڵەتییەکان .

5 . بووژاندنەوە و گەشەپێدانی ماڵپەری تایبەت بە ڕیفراندۆم لەسەر تۆری ئەنتەرنێت ، کە ئەمە رۆڵێکی راگەیاندنی گرنگ و کاریگەر دەبینێ و پردی نێوان بزووتنەوەکە و جەماوەر بەهێزتر دەکات و بەتایبەتیش لەدەرەوەی کوردستان .

6 . بەیاننامەیەك لە کۆنفرانسەوە بۆ پشتگیری بریارەکانی کۆنفرانسی کۆڵن و ستۆکهۆڵم و ئاماژە بە نەمانی لیژنە راوێژکارەکان بێت بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵکانی دەرەوەی کۆمیتەکانی ڕیفراندۆم بە کار نەیەت .

2 . ڕخنەکان .

1.دەست نیشانکردنی خەڵکانی نەخەملاو لە ڕەوتو بەرنامەی ڕیفراندۆم بۆ نوێنەرایەتی بزووتنەوەکە ، کارێکی زەرەر بەخشە بۆ ئاوزەنگ و کارەکانی بزووتنەوەکە ، بەداخەوە ئەمە لە دوا شاندتان بۆ دەرەوەی وولات ڕەنگی دابووەوە .پێویستە نوێنەری بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بروای تەواوی هەبێ بە ریفراندۆمی سەربەخۆ و خەملابێت لە پرۆژەکە و بەرنامەکانی و هەڵگری پەیامەکەی بێت ، وەکو تر بزووتنەوەکە دەکەوێتە بەر پرسیاری ئەو جەماوەرەی کە بروای خۆی پێداوە .

2 . بایەخ نەدان بە ڕۆلی کۆمیتەکانی دەرەوەی وولات لە ئەنجامدانی چالاکیەکان ، بەتایبەتیش لە دوا چاوپێکەوتنەکانی نییۆرك و جنێف و برۆکسل ، تەنانەت لە هەموو چاوپێکەوتنە میدیایەکاندا ناوهێنانی نوێنەرانی کۆمیتەکانی دەرەوە لە ناو شاندەکەدا فەرامۆش دەکرا.

3 . نەبوونی هاوکاری مادی بۆمان ، بەلای کەمەوە خەرجی سەردانەکانی دەزگا نێو دەوڵەتیەکان ، کە ئەمە لەتوانای کۆمیتەی بالای کوردستان بوو چوونکە پارەیان بۆ سەرف کرا بوو .

4 . شاندی ریفراندۆمی کوردستان کەهاتبوونە دەرەوە ، چەند کۆڕ و پەیوەندی یان ئەنجام دابوو ، بێ حیساب کردن و ئاگاداری کۆمیتەی وڵاتەکان .

5 . نەبوونی ئامیلکەیەکی یەکگرتووی ناساندنی ڕیفراندۆم ، لەگەڵ ئەوەی چەندین کەرەت چەختمان لەسەر ئەم داخوازییە کردووە .

6 . هەڵوێست وەرنەگرتن لەو کار وراگەیاندنانەی دژ بزووتنەوەکەمان ئەنجام دەدرێت یان ئەو پێشهاتانەی کە لە کاتی خۆیدا دێنە پێشەوە . ڕەتنەدانەوەتان بۆ غازی یاوەر وپشت بەستن بە وولامی کۆمیتەکانی دەرەوە ، کارێکی پەسەند نەبوو و ڕەنگدانەوەیەکی خراپی هەبوو لە ناو جەماوەردا کە زاد و زەخیرەی ستراتیجی بزووتنەوەکەیە .

پێشنیارەکان .

1. دەست نێشانکردنی ووتەبێژی ڕیفراندۆم .

2 . هەر کەسێك لەدەرەوەی وولات پەیوەندی بە کۆمیتەی کوردستان کرد بۆ کارکردن و هاوکاری ، ئەوا بەرەو رووی کۆمیتەی وڵاتەکان بکرێتەوە .

3 . سەقامگیرکردنی کەسی پەیوەندیدار لەگەڵ کۆمیتەکانی دەرەوە .

4 . دەرچوونی هەفتەنامەیەك یان مانگنامەیەك تایبەت بێت بە ڕیفراندۆم و بابەتەکانی .

5 . لەناوەوە ودەرەوەی وولات ئەدرەس و تەلەفۆن و فاکس و ئی مەیڵ دانرێت بۆ پەیوەندییە نێو دەوڵتیەکان و بۆ ئەوەی ببێتە ئەدرەسی ڕەسمی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم .

6 . بە تووندی پشتگیری هەوڵەکان بدرێت بۆ گەرانەوەی ناوچەکانی تری کوردستان بۆ سەر سنوورمان ، لەسەر ئاستێکی ستراتیجی کارێکی یاسایی گرنگە بۆ پرۆژەی ڕیفراندۆم .

7 . لە ڕیفراندۆمنامەدا ، لە بەشی پرەنسیپەکان پێشنیاری زیادکردنی ئەم ڕستەیە دەکەین :

**هەموو هاوڵاتییەك لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان ، سەر بە هەر بیروڕایەك وئاینێك و نەتەوەیك بێت و باوەڕی بە کارنامەی ڕیفراندۆم هەبێت ، ئەوا مافی ئەندامیەتی و خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ ئۆرگانەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم .**

8 . **کارکردن و پشتگیری کردن بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریەك لە کوردستان ، ئەمە جگە لەبایەخی هەنووکەیی ئەوا لەسەر ئاستێکی دوورهاوێژدا ، سوودێکی یاسایی گەورەی دەبێت بۆ پرۆژەکەمان .**

9 . **پەیوەندی بکرێت بەوانەی لەدەرەوەی کۆمیتەکانمان کاردەکەن ، بۆ هاتنیان بۆ ناو کۆمیتەکانی ناوەوە و دەرەوە و پێ کەوە کارکردن ، وەکوتر لە کاتی پێویستدا وولام بدرێنەوە ، بۆ ئەوەی جەماوەر چەواشە نەبێت .**

10. **دارشتنی پلان ونەخشەی هاوبەش بۆ گەشەپێدان و پتەوکردنی هوشیاری نەتەوایەتی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان ، هەر لەم رووەوە پێشنیار دەکەین کە لە قوتابخانەکانی کوردستان هەوڵ بدرێت کۆر و سیمینار ببەسترێت بۆ گۆش کردنی قوتابیان بە پرۆژەی ڕیفراندۆم وبەتایبەتیش لە نێو نەوەی نوێدا .**

11 . **بۆ بریارە هاوبەشەکان ،پێویستە کۆمیتەی باڵای دەرەوە پێش دەرچوونی بریارەکە ئاگادار بکرێت و نەك پاش دەرچوونی ، بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا سەرنج و تێبینی گونجاوی خۆی لەسەر بدات .**

**کەرەتێکی تر ئاواتی رۆژان و کۆنفرانسێکی بە سودتان بۆ دەخوازین .**

**سەری رێز و نوازش بۆ شەهیدە نەمرەکانمان .**

**سەرکەوتوبێت بزووتنەوەکەمان .**

**کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەی وولات**